ژمارە

# خەڵك

لەخەڵکەوە بۆ خەڵك

مانگنامەیەکی گشتی ئازادە، لەگەرمیان دەردەچێت

ژمارە (١٨) ساڵی دووەم کۆتایی ئەیلولی ٢٠٠٥ بەرامبەر بە(١٠)ی خەرمانانی ٢٧٠٥ی ساڵی کوردی

No: (18) September

خاوەنی ئیمتیاز: علی أحمد کریم

پەیوەندیەکان لەرێگەی ئەم ژمارانەوە دەبێت



سەرنوسەر: تەها سلێمان
tahasleman17@yahoo.com
(٠٧٧٠١٥٥٨٤١٤)

جێگری سەرنوسەر: هۆشیاری عبدالعزیز
hoshyarebdelaziz@yahoo.com
(٠٧٧٠١٥١٣٤٥٥)

بەڕێوەبەری نوسین: علی نارێنی
alinarini@yahoo.com
(٠٧٧٠١٢١٤٦٥٦)





## ئارەزویەکی سەیر

بورهان ئەحمەد ، لاوێکی ڕووخۆش ووریاو قسە خۆشی دانیشتوی شارۆچکەی رزگارییە کە دەکەوێتە جەرگەی گەرمیانەوە،ئەم لاوە تەمەن٢١ ساڵە، ئارەزوویەکی سەیرو تەواو جیاوازی هەیە لە لاوەکانی هاوڕێی،ئارەزوویەك ئەگەر هەندێ جار بە سەیر دێتە پێش چاو، بەلاٌم بە دیوەکەی تردا بۆ ئەمڕۆ پێویستیەکی پڕ بایەخیشە، ئەویش ئەوەیە کە ژمارە مۆبایلی زیاتر لە١٥٠ کەس لە هاوڕێ و دۆست وخزم وبرادەرەکانی خۆی لە بەر کردووە، ئەگەر وەکو تاقیکردنەوەش ژمارەی کەسێکی ناسراوی بەیتێ بە هەڵەً، ئەوا ئەو دەستبەجێ ژمارەکەت بۆ راست ئەکاتەوە.

لە دەرفەتێکدا لێمان پرسی بۆ ئارەزووت لە لەبەرکردنی ئەو ژمارانەیە؟

بورهان:وەکو سەرەتا من زۆر عاشق بە مۆبایل وکڕین و بەکارهێنانی ئەو ئامێرە گرنگە بووم، بۆیە هەر کە تۆڕی مۆبایلی ئاسیا سێڵ گەیشتە ناوچەکەمان،بیرمە ساڵی٢٠٠٢بوو سیمکارتێك وهاندێکی نۆکیای ٣٣١٠م بە ٣٩٠٠٠٠کڕی، لەو رۆژەوە ئیتر من هەر ژنارەیەکی نوێم ببینیبێت بە مەرجێ مەبەستم بووبێت لە بەرم کردووەو سەرەنجامیش ئەو ژمارانەی کە لە بەرم کردون لە ١٥٠ ژمارە بە سەرەوەیە.

خەڵك:تا چەندە لەبەرکردنی ئەم ژمارانە لە ژیانی رۆژانەتدا کەڵکت لێوەرگرتوون؟

بورهان:لە راستیدا رەنگە شتێك بڵێم باوەڕم پێ نەکەن.هەر کەسێك کە من ئەناسێ،ژمارەی هەرکەسێکی لە بیرچوو بێتەوە یاخود ژمارەی کەسێکی ونکردبێ یاخود پێویستی بە ژمارەی کەسێك هەبێ، ئیتر لە ماڵەوە بێ یان لە دەوام یاخود لە بازاڕ یاخود لە هەر جێگایەکی تربێ، یەکسەر دێ بۆ لام وداوام لێدەکات.بەرادەیەك زۆریك لە برادەرانم کە نوکەیەکیان بۆ ئەکرێ و ژمارەکە ناناسن،دێن بۆ لام و لێم ئەپرسن ئەوە ژمارەی کێ یە.

خەڵك:بێزار نابی لەو هەموو خەڵکەی دێن بۆ لات وپرسیاری ژمارەت لێ دەکەن؟ئەی لە بەرپرسیارێتی یاسایی ناترێ؟

بورهان:سەبارەت بەو کەسانەی کە دەیانناسم هیچ کێشەیەکم نییە ئەگەر داوای ژمارەش بکەن پێیان ئەڵێم،بەلاٌم ئەو کەسانەی کە گومانیان لێ بکەم،هەرگیز لە خۆمەوە ژمارەی کەسیان نادەمێ.بەلاٌم بۆ بێزاربوونننەخێر هەرگیز بێزار نابم لە هیچ کەس.

خەڵك:ئامۆژگاریت چییە بۆ لاوەکانی هاوڕێت کە مۆبایل بە کار دەهێنن؟

بورهان:مۆبایل ئامێرێکی گرنگ و پێویستە،ئەگەرچی من بۆ خۆم چوار جار ژمارەکەم گۆڕیوە،بەلاٌم ئەوە باش نیی‌یە،بۆیە داواکارم لە لاوانی هاورێم ژمارەکانیان نەگۆڕن، هاوکات بۆ کاری بێسوود بە کاری نەهێنن وەك نوکە کردن و خەڵکی بێزارکردن.هیوادارم هەمووان رێز لەم ئامێرە بەنرخە بگرن.



بورهان ئەحمەد

## بیستومانە

**باوکی سایە ئامادەی دەکات**

بیستومانە .. خاوەن تەکسیەکانی نێوان کەلار و سلێمانی نەفەری قەڵەو هەڵناگرن . قەیناکە بۆ جادە دوو سایدەکە خراپە.

بیستوومانە..بەڕێوەبەری ناحیەی جەبارە کەماڵی لە ناحیەی ڕزگاریە زیادەڕەویکی زۆری کردووتە سەر زەوی شارەوانی (واتا تەجاوزی کردووە) کەچی خۆیشی لە ناحیەی جەبارە بە هاوڵاتیان دەڵێ تەجاوزات قەدەغەیە.

بیستوومانە.. بەشی (خرج) واتا بەشی منالاًن لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار ڕاستەوخۆ بەرامبەر (W.C)یەکەی نەخۆشخانەیە. بۆ ئەوەیە بۆنی دەرمان نەگرن کاکی خۆم.

لەڕاپەڕینەکەی شاری کەلار ٩/٧ بۆین باخ و ئاڵای کوردستان دەست نەدەکەوتن بۆ دروست کردنی بەردەقانی بۆ وەشاندنی گوڵی جوان لەدژی حکومەت . ئەوەباسی حکومەت هەر مەکە.

بیستومانە ...... ڕاپەڕینەکەی کەلاری ٩/٧ +تەکەتولی حزبایەتی + بەیاننامە + پاکانە + تێ هەڵدان+ کامیڕای ڕۆژنامەنوسان+شکاندنەوەی زاواو خەزوور+ ڕیسواکردنی یەکتر + هەڵدانەوەی فایلی یەکتر سفر هین بەدەست.



## ڕفاندنی (١٠٠) منداڵ بۆ ڤێتنام بۆ مەبەستی سواڵپێکردن

سەرچاوە(الزمان)ژ٢٢١٦

گەورە ئەفسەرێکی پۆلیسی بنەبڕکردنی کاری رفاندن رایگەیان کە پۆلیسی ولاَتەکەی پیاوێکی دەسگیر کردووە و هەوڵی دەسگیرکردنی خێزانەکەشی دەدەن بە تاوانی رفاندنی نزیکەی(١٠٠)منالٚ بۆ ڤێتنام بە مەبەستی سوالٚپێکردن.لەم بارەوە سەرۆکی پۆلیسی بنەبڕکردنی کاری رفاندن لە هەرێمی(سفای رینگ)کە دەکەوێتە باشووری خورئاوای کەمبۆدیاوە لە رێگای پەیوەندیەکی تەلەفۆنیەوە بە دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیای راگەیاند کە پۆلیسی هەرێمەکە پیاوێکی دەسگیر کردووە بە ناو(تشون سای)تەمەن(٣٠)ساڵ بە تاوانی رفاندنی(٦٦)کچ و(٤٤)کوڕی منالٚکار کە تەمەنیان لە نێوان(١٠ ـ١٥)سالاًنە.ئەم کارەشیان لە چوارچێوەی چالاکیەکی هاوبەشدا لە نێوان تیمی سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منالٚ(یونیسێف) لە کەمبۆدیاو رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لە ولاًتی ناوبراودا ئەنجام داوە. سەرۆکی پۆلیسی هەرێمەکە هەروەها ئەوەشی راگەیاند:تاوانبار رۆژی پێنج شەممە٩/١٠ لە بەردەم دادگای هەرێمەکەدا ئامادەکراوەو تاکو ئێستاش پۆلیس بەدوای خێزانەکەیدا دەگەڕێن.

## تابو

تابۆ گۆشەیەکە دەیەوێت بجەنگێ دژبەحەرام کراوەکان "تابۆکان"

خالید عبدالکریم حمەلا

### ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵاتی گەرمیان و تابوی خۆپیشاندان

لە ڕاستیدا کەبیستم و بینیم لەم دوایانەدا لە شارۆچکەیەکی گەرمیانی سوتاودا کۆمەڵێك لە جەماوەر خۆپیشاندانیان کردووەو بەجۆرێك نەهامەتییەکانیان لە نەستیان دەرپەڕیوەو چۆتە هەستیانەوەو لەو جۆرە جولاًنەوەدا خۆی نیشانداوە کە تارادەیەك تووندی پێوە دیابووە. بڕوام نەدەکرد حیزبی دەسەڵات و قەڵەم و ڕاگەیاندنەکانی بەو شێوەیە وەسفی بکات ، هێشتا زۆر کەمە و هەرهیچی نەوتووە و نەکردووە من ئەوەم بە خەیاڵدا هات کە ڕاستەوخۆ دەسەڵات هەموو فەرماندەیەکانی و هێزەکانی کۆبکاتەوەو ئەو جەماوەرە تێکدەر و گێرەشێوێنە عاقڵ بکات و لە نێویان بەرێت، ئێمە یەل زۆر مەمنون بووین کە ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵات هەر ئەوەندەیان ووت ، بەلاًم حکومەت بەناوی حیزبەوەو حیزبیش بەناوی جەماوەرەوە گوتاریان دەدا و پینەیان کرد بە جۆرێکی عاقلاًنە ڕووبەڕووی ئەو جەماوەرە بوونەوە و گەورە بەرپرسێکی حزبی دەیگوت ئێمە وەك حکومەت..و حکومیەکانیش باسی خەباتی شاخیان دەکرد.

لە ڕاستیدا هەرمرۆیەك بەشێوەیەکی زانستی تێبڕوانێ لە هەڵوێستی حکومەت و حیزبی دەسەڵات و بگرە سەرجەم حزبە بچووکەکانی گەرمیان ئەوەی لا ڕووندەبێتەوە هەڵوێستگەلێکی وەها بەرامبەر بە جەماوەرێك کە نەهامەتی وقوربەسەری و دەربەدەری و ئەنفال ..و ..هتد مێژوویەتی ئەو هەڵویستانە زۆر ئاسایی وەردەگرێت، چونکە ئێمەزەمەنێکی درێژە ژیان لەگەڵ دەسەلاًت و حیزبێك دا بەسەر دەبەین کە باوەڕی بە یەکدەنگیو یەك جۆری هەیە هەر جۆرە جیاوازیەك ڕوبدات ئەو جۆرە تەعبیراتانە دەبنە چارەنووس. ئەوە ڕوونە هەر مرۆڤ دۆستێك کردارو ڕەفتاری تێکدەرانەی لەلا قێزەونە بەلاًم ئەگەر کۆمەڵی پرسیار ڕووبەڕوبکەینەوە و بزانین تالاًن و گێرەشێوێنی سەرچاوەکەی لە کوێوە هاتووەو کێ خاوەنیەتی ئەوکاتە لەم جەماوەرە بە ئاسانی خۆشدەبین دڵنیاشم هەر خوێنەرێك دەزانێت پرسیارەکان چین و وەلاًمەکانیش کامانەن. ئەوەی پێویست بکات لێرەدا بیلێین تاکەی ناهێڵن جەماوەر هەناسەیەك بدات و داواکانی خۆی بکات ؟ تاکەی بەرپرسی کەمتەرخەم و تەوزلٚ دەکەنە فیرعەون بەسەر جەماوەرێکەوە کە تادوێنێ قارەمان بوو و ئەمڕۆش گێرەشێوێن ؟ تاکەی خۆتان بە خۆتان دەکەنە خاوەنی گووتاری جەماوەر و هەرکاتێکیش ویتبێتیان ئەم جەماوەرەتان هێناوەتە سەر شەقام و گەر جارێك بۆخۆی هاتبێ بە گێرەشێوێن و تێکدەرتان زانیوە ؟ تاکەی بە خۆتاندا ناچنەوە هەردەتانەوێ جەماوەری چەپڵە وبێ داخوازی دروسبکەن ؟ تاکەی لە خۆپیشاندان دەترسن و بەتێکدەرانەی دەزانن ؟

بۆیە لەمەودوا گەر وەلاًم نەبوو بۆ زرۆێك لە پرسیارەکان دڵنیام جەماوەر خۆی وەلاًمی دەبێ.


خەڵك مانگنامەیەکی ئازادەو تۆی بەڕێز دەتوانیت دیدو تێڕوانینی خۆتی تێدا بلاو بکەیتەوە مانگنامەی خەڵك بەرپرسیار نییە لەناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی بلاو دەبنەوە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com